Kurdistannet كوردستان نيت

# ئەوەی لە مشک بێت هەمانە دڕە!!

## ئەحمەد دەشتی

لە کوردەواری دا باوە کە دەڵێن ئەگەر مریشک چاو لە قاز بکات ئەوا بەدبەخت دەبێ و لێک هەل دەزڕێ،لەم ڕۆژانەدا پارێزگای دیالە زۆر بێ شەرمانە و چاو لێکەرانە لە بەعسیەکان گوتی: دەبێ ئەو عارەبانەی کە بەعسیە خوێن ڕێژەکان بەزۆری زۆرداری دژ بە کوردو کوردستان هێناویانە ناوچەی خانەقین و لەسەر مال و حالی کوردو دامەزرێندرابوون و لە دوای ڕوخاندنی سەدامی دکتاتۆر و فاشست دەرکران و دەفن بوون ، تازە پارێزگای دیالە پاشقول لە کورد دەگرێت و هەولی گەڕانەوەو هێنانی عارەبەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە تەعریبیان کردبوون دەدات کە بیان هێنێتەوە و دەڵێ ئەوانە مافی خۆیانە کە لە ناوچەی خانەقین دا بمێننەوە، من پێم وایە هەر کەسێ کە ئاوا بیر بکاتەوە هەر هەمان بەعسیە و بەس ،خۆ دیاریشە ئەم شێوە ڕەفتارانە هاوکاری کردنی کردارەکانی بەعسیەکانە کە دەیانەوێ ئەو عارەبانەی کە لە باشوری عێراقەوە بۆ دوژمنایەتی کوردو کوردستان هاتنە سەر مال و زێدی کوردو دامەزرێندران و سالەهای سال بوو لە ناوچەی خانەقینیش هەموو بەرو بومێکی کوردیان زەوت کردبوو وەک ناوچەی ژەنگار و قەراج و دەشتی هەولێرو ناوچەیَ گەرمیان و شاری دلێ کوردستان کە بەعسیەکان تەعریبیان کردبوون و هەمو شتێکیشیان بۆ عارەبەکان جێ بەجێ کردبوو و پارەو پولێکی زۆرو بەسەدان هەزار هێکتار زەوی و ملکێک و مالی کوردییان زەوت کردبوو و کە هاتن مالی کوردیان داگیر کرد و کوردیشیان لە ناو مال و شوێن و زێدی باوو باپیرانی خۆیان دەرپەڕاند و دیمان کە ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتی و کوشت و کوشتارەشیان بەسەر گەلی کورد داسەپاندو هەموو خاوەن ویژدانێک دەزانێت کە چیان بەسەر گەلی کورد وکوردستان هێنا ، ئینجا کەسانی نیاز گلاو وەک پارێزگاری دیالە تەنبێ نەبووینە لەو هەموو کارەسات و دڕندایەتیەی دوژمنانی کوردو کوردستان و سەرەڕای ئەو هەموو زولْم و زۆرداریە تازە بە تازە دەبینین کەسانێ ئاوا نیاز گلاو دەیانەوێ کە

**بڕیارەکانی بەعسیە فشستەکان زیندوو بکەنەوەو لاسایی بەعسیەکان بکەن و دەیانەوێ تەعریب هەر بەردەوام بێت وئەمجارە زۆر بێ شەرمانەبەناوی دیموکراتیەتەوە خاکی پیرۆزی کوردستان داگیر بکەنەوە و هەر بە تەعریب و تەعریب و تەعریب  بمێنتەوەو و عارەبەکان هەر لەو شوێنانە بن کە ماڵ و حالی خەلکی کوردیان زەوت کردبوو بەڵام خەیال خاون تازە عارەب ناتوانن ماڵی کورد داگیر بکەن و کوردستان تەعریب بکەن و سەریان لە بەرد دەدەن و ئەوانەی دەیانەوێ ئەو هەنگاوانە باوێنەوە با باش بزانن  کە پێڕەوی لە بەعسیە دڕندەکان دەکەن و ئەوانیش گەلێک خەراپتریان بە سەر دێت و قەت بە ئاوات ناگەن،دەبێ کوردیش پەند لە هەموو ڕەفتارێکی ئەمانە وەر بگرێت کە بەناوی دیموکراتیەتیش هەمان بەعسی و نەیارانی کوردن و بزانێت ئەوەی کە لە مشک بێت هەمانە دڕە.**

10.9.2004